## ستایلی غوربەت لە واقیعی ژیانی زامبیادا بوونی هەیە

# زامبیا:

# تازە کردنەوەی بەرهەمە رەسەنەکان زیندوو کردنەوەی رۆحی هونەرمەند و ئاوازەکەیە



زامبیا یەکێکە لە خانمە هونەرمەندە دەنگ خۆشەکانی شاری سلێمانی لە چەند گۆرانی و کلیپێکدا توانا و بەهـــرە هونەرییەکان بە تەواوی بۆ جەمـــاوەر دەرکەوت بەوەی کە دەتوانێت بە گوێرەی تواناکانی خۆی خزمەتێک بە بواری گۆرانی و مۆسـیقای کوردی بگەیەنێت، لە دیمانەیەکیدا زامبیا بەمشێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە/ سۆران مارف

له‌سه‌ره‌تادا هونه‌رمه‌ند زامبیا به‌مشێوه‌یه باس له سه‌ره‌تاکانی کاری هونه‌ری خۆی کرد و گوتی:

من بـــه مه‌رجی ئه‌وه‌ی لـــه خێزانێکی هونه‌ری پـــه‌روه‌رده بووم دوو برام خه‌ریکی کاری موزیـــك ژه‌نی بـــوون و هونه‌ر لای خانه‌واده‌کـــه‌ی ئێمه شـــتێکی نامۆ نه‌بوو له‌لامان بۆیه ده‌توانم بڵێم من له منداڵییه‌وه ئاشـــنای هونه‌ری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووم ســـه‌ره‌تاش حـــه‌زم له بواری موزیك ژه‌نـــی بووم، به‌ڵام دواتر له بواری گۆرانی وتندا خۆم ببینـــه‌وه ئه‌توانم بڵێم کاریگه‌ری هه‌ردوو براکه‌م (ســـه‌لاح حه‌مه عه‌زیز و گۆران) به‌سه‌رمه‌وه ره‌نگیدایه‌وه، که هه‌ردووکیان ئه‌ندامی تیپی موسیقای سلێمانی بوون.

*** کاتێك زامبیا ئاوێته‌ی دنیای هونه‌ر بوو هیچ ئاسته‌نگێك له‌به‌رده‌میا هه‌بوو؟**

- وه‌کو باری خێزانی من هیچ رێگرییه‌کم نه‌بوو، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی خێزانه‌که‌م تا راده‌یه‌کی باش وشیار و رۆشنبیر بوون وه‌کو کۆمه‌ڵگه من کێشـــه‌م نه‌بوو به‌ڵام هه‌موو سه‌ره‌تایه‌ك وا به ئاســـانی ده‌سته به‌ر نایێت بۆ نموونه له مه‌ســـائیلی ماده و تازه ئاشنابوونت به بواره‌که و موزیك ژه‌ن شاعیر و ئاواز دانه‌ر ئه‌مانه هه‌مووی ئاســـته‌نگن له‌به‌رده‌م ئه‌و که‌سانه‌ی تازه ئاوێته‌ی بواره‌که ده‌بن، من برواناکه‌م هیچ که‌سێك به‌و بوارانه دا تیپه‌ڕ نه‌بووبێت .

*** تۆ خاوه‌نـــی رێچکه و تایبه‌تمه‌ندی خۆتی له بواری هونـــه‌ری گۆرانی پێت وایه تا چه‌ند له‌م بواره‌وه سه‌رکه‌وتوویت؟**

- ره‌نگـــه وه‌ڵامی ئه‌م پرســـیاره لای بیســـه‌ری هونه‌ری کوردی بێت، راســـته من راســـته ســـتایلێکی تایبـــه‌ت به‌خۆم هه‌یه، چونکه هه‌ر که‌سه و ستایلی خۆی هه‌یـــه و شـــێوازی ئـــه‌دا و تایبه‌تمه‌ندی لـــه هونه‌رمه‌ندێکه‌وه بـــۆ هونه‌رمه‌ندێکی تر جیـــاوازه، من پێم خۆشـــه لـــه چه‌ند ستایلێکیدا کار بکه‌م تا چه‌ند سه‌رکه‌وتووم ئه‌وا وه‌ڵامه‌که‌ی لای جه‌ماوه‌ره.

*** به‌نیازیـــت لـــه به‌رهه‌مـــی نوێتدا گۆڕانکاری بکه‌یت؟**

-به‌دڵنیاییـــه‌وه من به‌نیازم گۆڕانکاری بکه‌م له‌و ستایله‌ی کاری تێدا ده‌که‌م، هه‌وڵ ده‌ده‌م مولتـــه‌زم نه‌بم به ته‌نیا ســـتایلێکه‌وه ســـه‌رکه‌وتن له ســـتایلی تری هونه‌ریشدا به‌ده‌ست بهێنم.

*** پێت وایه تا چه‌ند هونه‌رمه‌ند پێویست به گۆڕان هه‌یه له ستایلیدا؟**

- به‌ڕای من به‌رده‌وام هونه‌رمه‌ند پێویستی به گۆڕان هه‌یه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی هه‌مه ره‌نگییه‌ك به به‌رهه‌مه‌کانته‌وه دیـــار بێت و چێـــژ و تایبه‌تمه‌ندییه‌کی تر ده‌دات به به‌رهه‌مه‌که.

*** ئـــه‌دا و ده‌نگی هونه‌ری هه‌میشـــه ده‌مانباته‌وه بۆ غوربه‌ت ئه‌مه ســـتایله یان ره‌نگدانه‌وه‌ی ژیانی تایبه‌تی زامبیایه؟**

- ئه‌مـــه هه‌ندێك جار نزیکه له واقیعی ژیانـــی تایبه‌تی منـــه‌وه و هه‌ندێك جار واقیعـــی ژیانی ئـــه‌و که‌ســـانه‌یه که له چوارده‌وری زامبیان و هه‌ندێ جار تێکستی گۆرانییه‌که غوربه‌ت ده‌خوازێ.

*** مه‌قـــام بناغه‌ی هونـــه‌ری گۆرانی و موســـیقای کوردییه، تۆ تـــا چه‌ند به بواره‌کانی مه‌قام ئاشنایت؟**

- ئێمه که باســـی مه‌قام ده‌که‌ین مه‌قام دوو جۆری هه‌یه مه‌قام زان بێت یان مه‌قام بێژ هه‌یه له‌وانه‌یه من مه‌قام زان نه‌بم، به‌ڵام ره‌نگـــه بتوانم مه‌قام بڵێم و ئێســـتا هه‌وڵم نه‌داوه مه‌قام بڵێم ئه‌و کارانه‌ی من ئه‌نجام داوه پێویســـتی به وتنی مه‌قـــام نه‌بووه و ئاره‌زوومه له ئاینـــده‌دا کارێك ئه‌نجام بده‌م مه‌قامی تیا بێت.

*** زۆر جار ئاماژه بـــه لاوازی بواری مه‌قام ده‌کرێت له‌لای هونه‌رمه‌ندانی ئافره‌ت تۆ تا چه‌ند له‌گه‌ڵ ئه‌م رایه‌ی؟**

- من له‌گه‌ڵ ئه‌و راده‌یه‌دا نیم، چونکه لای پیاوانی هونه‌رمه‌ندیش مه‌قام زانه‌کان به په‌نجه‌ی ده‌ست ده‌ژمێردرێت ته‌نیا مه‌قام بێژی زۆرمان هه‌یه، مـــن پێم وایه مه‌رج نییه ئه‌وه‌ی مه‌قام بێژ بێت مه‌قام زان بێت، ئـــه‌وه‌ی بتوانێ بێته ناو بـــواری هونه‌ری کوردییه‌وه، بێگومان ده‌توانێ مه‌قام بچڕێ جا له که‌سێکه بۆ که‌سێکی تر جیاوازه، من به‌له‌یلای فه‌ریقی زۆر سه‌رسامم له بواری مه‌قام گوتندا.

*** موزیـــك هه‌میشـــه ئاوێته‌ی روحی گۆرانی بێژه تۆ تا چه‌ند له‌گه‌ڵ مۆسیقا ئاشنایت؟**

- ده‌بێت موســـیقا هه‌میشـــه ئاوێته‌ی روحی هونه‌رمه‌ند بێت تۆ تا چه‌ند شیعر و ئه‌دا و ئاوازت به‌پێز بێت ئه‌گه‌ر مۆسیقات لاواز بێت کاره‌که‌ت لاواز و بێ ئیحساسی هونه‌ری ده‌بێت، موزیك به‌شـــێکی گرنگه له‌وه‌ی گۆرانییه‌کی ســـه‌رکه‌وتوو دروست بکه‌یت، بۆیه ده‌ڵێم موزیك به‌شێکی سه‌ره‌کی سه‌رکه‌وتنی گۆرانییه، خاڵێکی تر ئه‌وه‌یه که موزیك و شیعر و ئاواز و ده‌نگ هه‌موویان پایه‌ن بۆ سه‌رکه‌وتنی گۆرانی و به‌رهه‌مێکی هونه‌ری.

*** تـــا چه‌نـــد لاســـایی کردنـــه‌وه به قوتابخانه بۆ پـــه‌روه‌رده کردنی هونه‌رمه‌ند ئاو ده‌بینیت؟**

- به ته‌ئکید لاســـایی کردنه‌وه سه‌ره‌تا قوتابخانه‌یه، چونکه هه‌موو که‌ســـێك که دێته ناو بواری هونه‌رییه‌وه سه‌ره‌تا به‌لاسایی کردنه‌وه ده‌ست پێ ده‌کات و منیش سه‌ره‌تا به‌لاسایی کردنه‌وه ده‌ستم به کاری هونه‌ری کـــردووه و له ژێر کاریگه‌رییانه‌وه بووم زۆر





**به له‌یلا فه‌ریقی زۆر سه‌رسامم**

کێشە و ئاستەنگ لە بەردەم هونەرمەندی ئافرەت هەیە

جار هاندانی ئەوان کاریگەرییان لەسەرمن دروست کردوو کە حەز لە بواری هونەری گۆرانی بکەم.

*** هەندێك جار گۆرانییە رەسەنەکان بەشێوەی نوێ تازە دەکرێتەوە لەلایەن هونەرمەندەکانی ئێستا ئایا ئەمە روحی رەسەنایەتی لە بەرهەمەکەدا ناکوژێت؟**

- بەڕای من نوێ کردنەوەی کارە رەسەنەکان بەشێوەیەکی نوێ کارێکی باشە، چونکە ئەگەر ئەو کارانە هونەرمەند کاری لەسەر نەکات بەشێوەیەکی نوێ تازەی نەکاتەوە رەنگە بە مردووی زەمەن ئەو کارانە لە ناو بچێت تازەکردنەوەی بەرهەمە رەسەنەکان زیندووکردنەوەی روحی ئاوازە کە روحی گۆرانییەکەیە لەهەمان کاتدا روحی هونەرمەندە کە بە ئێمە خاوەنی فولکلورێکی دەوڵەمەندیین دەتوانین زۆر جار سوودی لیوەربگرین بۆیە دەڵێم تازەکردنەوەی ئەو میلۆدیانە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەمێك لە فەوتان بپارێزێ، هەندێك جار بەرهەمێکی باش مۆسیقایە و لاوازی بۆ کراوە تۆ دەزانی ئەمڕۆ ئەو بەرهەمە جارێکی تر زیندوو.

*** تۆ تا چەند لە هەوڵە هونەرییەکانی خۆت رازیت ئەی رات چییە لە بارەی ئەو هەوڵە هونەرییانەی خزمەتی ستایلی نوێ دەکەن لە گۆرانی کوردیدا؟**

- رەنگە بتوانم بڵێم تا رادەیەکی باش لەم کارە نوێیانەم رازیم، چونکە بەماوەیەکی زۆر توانیومە چەند بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بکەم، دوای دراسەیەکی زۆر توانیوومە پێشکەشیان بکەم و رازیم لە موزیك ژنەکان کاریان لەگەڵدا کردووم، ئەوانەی کە شارەزایی بواری موزیك ژنیشنن تا رادەیەکی باش لە کارەکانم رازین ئەگەر رەخنەشیان هەبوو بێت رەخنەی دروستکەربوون، من کارەکانی پێش دواین سیدیم بە باش ناو نایەم و خۆشم رەخنەم لێی هەیە لەبەر کەم کوری ئامێرە هونەرییەکان و نەبوون ستۆدیۆیەکی باش و تەکنیکی کاری هونەری، بەڵام ئێستا ئاراستەکە گۆڕاوە خەڵك دەتوانێ لە کارەکانی ئەمڕۆ چێژ وەربگرێ و بۆ هونەرمەندانی ئەمڕۆش دەتوانم بڵێم بە هەمان شێوەیە.

*** هەندێك پێیان وایە ئەم شێوازە نوێیەی گۆرانی ئەنفال کردنی گۆرانی کوردییە تۆ تا چەند لەگەڵ ئەو رایەی؟**

- من بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو رادەیەدا نیم، چونکە ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە و هونەریش بەردەوام پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە ناشکرێت کەسمان لەیەك قاڵبدا بمێنینەوە من دەڵێم بە تازەگەری هەبێت، بەڵام تازەگەریش سنووری خۆیی هەیە و نابێت بەشێوەیەك کاربکەین دەقا و دەق لاسایی هونەرمەندێکی عەرەب یان فارسی بکەیتەوە .دەتوانی سوودیان لیوەربگرین نەوەك لاساییان بکەیتەوە دەقا و دەق گۆرانی بیژی تورك هەیە گۆرانی کوردی گوتۆتەوە، بەڵام هەست ناکەیت گۆرانییەکە کوردییە بەرگێکی سەد لەسەد تورکی بە بەری گۆرانییەکەدا کردووە دەبێ گۆرانیبێژی کوردیش بەهەمان شێویە بیر بکاتەوە، دەبێت ئێمە سوود لە هونەری بێگانە وەربگرین بۆ بەرژەوەندی هونەری کوردی.

*** ئەی سەبارەت بە ئافرەتانی کورد چی دەڵێی؟**

- دەتوانم بڵێم پێش راپەرین و پاش راپەرین کۆمەڵێك ئافرەتی بە توانامان هەبووە لە بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا شان بە شانی هونەرمەندە پیاوەکان کاریان کردووە، ئێستاش ئاوێنە بوونی ئەم رێژە بەرچاوەی ئافرەت جێ خۆشحاڵییە، راستە رۆڵی ئافرەت بەرچاوە لە بواری هونەری کوردیدا، بەڵام هێشتا ئاستەنگ هەیە لەبەردەم ئافرەتی کورد و نایانەوێت نوێخوازی رووبدات، لە کۆمەڵگە و بۆیە دەڵێم هێشتا گیروگرفت هەیە لەبەردەم ئافرەتی کورد هەندێك خێزان هەیە تا ئێستا پێی ناخۆشە کچەکەی گۆرانی بڵێن و خزمەتی هونەری کوردی بکات، ئەو کێشە و ئاستەنگانەی لەبەردەم ئافرەت هەیە لەبەردەم پیاوان نییە.

*** پرۆژەی هونەری نوێتان چییە؟**

- کۆمەڵێ پرۆژەی هونەری نوێم هەیە بەڵام ناتوانم جارێ ئاماژەی بۆ بکەم لە ئایندیەکی نزیکدا کاریان لەسەردەکەم ئەمەش هەنگاوە هونەرییەش پێویستە بە هاوکاری ماددی هەیە ئەگەر هاوکاری نەبێت رەنگە نەتوانم ئەو کارانە ئەنجام بدەم.

*** بەڕای تۆ تا چەند ئەکادیمی بوون مەرجە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند؟**

- بەڕای من مەرج نییە، چونکە هونەر پێم وایە حەزو خولیایە هونەر بەهرە و توانایە رەنگە کەسانێك هەبن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچن بەڵام نابنە هونەرمەندی سەرکەوتوو لەبەر ئەوەی ئەو بەهرە و توانایەی نییە چونکە هونەر بەهرەیە خوا دەداتێ.






# باب ئەلحارە -٤- بە رووداوی نوێوە بەڕێوەیە

## ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاش لیژنەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێت

باب ئەلحارە یەکێکە لە پڕ جەماوەرترین زنجیرە دراما عەرەبییەکان کە لە کەناڵی (mbc) پێشکەش دەکرێت تا ئێستا سێ بەشی لە سێ ر ەمەزانی رابردوودا پێشکەش کراوە و بەشی چوارەمیشی لە مانگی رەمەزانی داهاتوودا پێشکەش دەکرێت و چاوەڕێ دەکرێت چەندین رووداو وکەسایەتی نوێ لەخۆ بگرێت، ئەم زنجیرەیە لە ساڵی ٢٠٠٨ سەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی بە پلەی یەکەم و لەسەر ئاستی جیهانیش بە پلەی نۆیەم هات لەرووی جەماوەرییەوە.

### جومانا: بەشێکی گەرموگوڕ دەبێت

خانمە هونەرمەندی سوری جومانا موراد کە بەشدارە لە بەشی ٤ ی باب ئەلحارە دەڵێ: بەشێکی زۆری دیمەنەکان تەواو بوون کە لە ٤٦ شوێنی جیاجیا و بە بەشداری زیاتر لە ٩١ ئەکتەر وێنەیان گیراوە، ئەم بەشە جیاوازییەکی زۆری دەبێت لەگەڵ بەشەکانی دیکە و وێنەگرتنەکە تەنیا لە گەڕەکێکی دیمەشق نابێت بەڵکو چەندین گەڕەکی دیکەی دێرین و کۆنیش دەگرێتەوە، رووداوەکان گورمو گوڕترن، چونکە لە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە دەردەچن بۆ کاری شۆڕشگێری، جومانا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی ریازی سعودی ئاماژەی بەوەش کرد دوای تەواو بوونی بەشی چوارەم دەست دەکرێت بە وێنەگرتنی بەشی پێنجەم.

جومانا ئەوەشی راگەیاند کە هەرچەندە ماوەی چوار ساڵە لە میسر دەژیت، بەڵام بەردەوام دەبێت لە بەشداری کردن لە (باب ئەلحارە)، جومانا ئەوەشی گوت کە پاڵەوانی سەرەکی ئەم زنجیرەیە بەسام ئەلمەلای دەرهێنەرە لە هەموو بەشەکانی پێشوویدا.

### موعتەز: چاوەڕوانی شتی نوێ بن

ئەکتەری سوری وائیل شەرەف کە بە کەسایەتی موعتەز بەناوبانگە دەڵێ: ئەم بەشە نوێیە گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە دەبینێت و وا لە جەماوەر دەکات بە تامەزرۆییەوە سەیری بکات لە یەکەم ئەڵقەیەوە و چاوەڕێی شتی نوێ بن، وائیل هەروەها دەڵێ: بەشی چوارەم رووداوەکان تەواو دەکات لەو خاڵەی کە بەشی سێیەم تێیدا بە کۆتا هات کاتێك فەرەنسییەکان حارەی زەبعیان گەمارۆدا بۆ ئەوەی تۆپ باران و داگیری بکەن، لە بەشەدا چەند کەسایەتییەکی نوێ پەیدا دەبن و گۆڕانکاریش بەسەر چەند کەسایەتییەکی دیکەدا دێت.

### زۆرترین جەماوەر سەیری کردووە

بەسام ئەلمەلا دەرهێنەری باب ئەلحارە دەڵێ: کارەکانی بەشی چوارەم زۆر بە باشی بەڕێوە دەچن و لە قۆناغەکانی کۆتایی نزیك دەبێتەوە و بە شایەدی ملیۆنەها کەس یەکێکە لە پڕ جەماوەرترین کارە هونەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، چونکە زۆرترین جەماوەر سەیریان کردووە بەتایبەتی بەشی سێیەمی و لە دە زنجیرەی یەکەم دێت لەسەر ئاستی جیهانی و یەکەمە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمەش بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە کە زنجیرەکە ئاماژەی پێ دەکات کە کارێکی کۆمەڵایەتی دیکیومینت کراوە و پەیامێکە بۆ کەمەڵگا و نزیك کەوتنەوە لە رەوشتی بەرز و دووركەوتنەوە لە رەوشتی نزم و چەندین حاڵەتی مرۆڤانە نیشان دەدات وەك خۆشی و مردن و نەخۆشی و سەرکەوتن و خۆشەویستی و دڵسۆزی.

بەسام ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکی لیژنەیەکی تایبەتی داناوە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی (باب ئەلحارە) دوای ئەوەی لە دە یەکەم زنجیرەکانی جیهان هات لە بواری سەیر کردنی لە لایەن جەماوەرییەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ئەمەش گەورەیی ئەم زنجیرەیە و گرنگی پێدانی دەردەخات لەسەر هەموو ئاستەکان.

### گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکاندا

هونەرمەندی سوری میلاد یوسف کە رۆڵی عیسام دەبینێت ئاشکرای کرد کە لە بەشی چوارەمدا گۆڕانکارییەکی گەورە و بەرچاو بەسەر کەسایەتییەکەیدا دێت، چونکە لە کەسایەتییەکی نێرگسی و بڕیاردانی بە پەلە دوور دەکەوێتەوە و بڕیارەکانی دوای بیرکردنەوە دەدات بەمەش دەردەکەوێت کە هەندێك سیفاتی باوکی (ئەبو عیسام) بۆی ماوەتەوە.







یوسف هەروەها دەڵێ: کەسایەتی من رۆڵێکی سەرەکی دەبێت و هەڵگری هەندێك سیفاتی باوکم دەبم کە لە ناخییەوە هەستێکی نیشتیمانپەروەری بەدی دەکرێت، هەروەها عیسام دەبێتە خاوەن توانایەکی زۆر دەبێت لە کار و پەرچە کردار لەساتە یەکلایی کەرەوەکان سەرەڕای پاراستنی هەندێك سیفاتی دیکەی خۆی وەك پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەت و گەنجەکانی گەڕەکەکە، میلاد ئاماژە بەوە دەکات کە رووداوە گەورەکەی ئەم بەشە وا لە کەسایەتییەکان دەکات بۆ ئەوەی زیاتر هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و دەڵێ: بە گشتی باب ئەلحارە کارێکی گەورەیە و سەرکەوتنیشی زۆر پێویستە و سەرکەوتنەکەشی وا لە ئەکتەرەکان دەکات کە هەست بە بەرپرسیاریەتی زیاتر بکەن هەروەها جۆرێك لە ئازادی بە ئەکتەر دەدەن کە بتوانن کەسایەتی خۆیان بپارێزن.

## بەوە تۆمەتبار کراوە کە تەنیا جەستەی نمایش دەکات

# نیڤین نــــەسر:

# ئیغرایەکی ئاسایی پێشکەش دەکەم و گوێ بە قسە نادەم



نیڤین نەسر یەکێك لە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان کە ئەویش وەك چەندانی دیکە دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە ئێستا لە سەرەتای کاروانی هونەرییە، زۆر کەسی پێیان وایە ئەویش وەك ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانیبێژان تەنیا دەیەوێ بە نمایشکردنی جەستەی خۆی جەماوەر پەیدا بکات، چونکە خاوەن دەنگ و بەهرەیەکی هونەری ئەوتۆ نییە، کە بتوانێت لە ڕێگایانەوە ببێتە هونەرمەندێکی سەرکەوتو مایەی ڕەزامەندی جەماوەر، لە پەیوەندییەکدا نیڤین نەسر بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.

*** تۆ لە سەرەتای کاروانی هونەریت، خۆت بۆ گرفتەکانی ئامادە کردووە؟**

- بێگومان هیچ کارێك بێ گرفت و ناخۆشی نابێت، من باش دەزانم زاڵ بوونم بەسەر ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێنە سەر رێگام کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر بمەوێ بەردەوام بم و بوونی خۆم بسەلمێنم وەك گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو پێویستە بە تەواوی خۆمیان بۆ ئامادە بکەم و گوێ بە گرفتەکان نەدەم.

*** ئێستا ژمارەی گۆرانیبێژان لە لوبنان زۆر بووە و زۆریشیان بە تێکدانی هونەر تۆمەتبار دەکرێن، تۆ لەم قەرەباڵغییە ناترسی؟**

- منیش یەکێکم وەك سەدان لەو کەسانەی ئێستا ملیان داوەتە گۆرانی گوتن، خۆشەویستی من بۆهونەر وای لێکردم کە روو لە گۆرانی گوتن بکەم، هەروەها من زۆر حەز دەکەم ببمە بە کەسێکی ناودار لە لوبنان و لە وڵاتانی عەرەبی و بتوانم لە رێگای هونەرەوە سەروەت و سامانێکی زۆر پەیدا بکەم.

*** چۆن رێگای سەرکەوتنی خۆت داناوە بۆ ئەوەی بتوانی بەردەوان بیت لە گۆرانی گوتن؟**

- هەموو کارێکی پێویستی بە شەونخونی و خۆماندوو کردن هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت تێیدا سەرکەوتوو بێت، بەتایبەتی کاری گۆرانی گوتن پێویستە گۆرانیبێژ هەموو رێگایەك بگرێت بەر بۆ ئەوەی رەزامەندی جەماوەر بەدەست بهێنێت، چونکە کارێکی ئاسان نییە بۆیە من هەوڵ دەدەم بەو گۆرانیانەی پێشکەشی دەکەم کارێکی وا بکەم کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی رەزامەندی جەماوەر.

*** چ هونەرمەندێك زیاتر کاریگەری بەسەر تۆوە هەبوو بۆ ئەوەی روو لە گۆرانی گوتن بکەی؟**

- زۆرن ئەو هونەرمەندانە کە ناتوانم لێرەدا ناویان بهێنم، لوبنان وڵاتێکە پڕە لەو هونەرمەندانەی کە ئێمە شانازییان پێوە دەکەین، بەڵام حەز و خولیای من بۆ هونەر پاڵنەرێکی سەرەکی بوو.

*** خێزانەکەت چ رۆڵێکی هەبوو؟**

- رۆڵێکی زۆریان هەبوو و هەمیشە و ئێستاش هانم دەدەن بۆ بەردەوام بوون لە گۆرانی گوتن.

*** زۆر لە گۆرانیبێژە لوبنانییەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە پشت بە جەستە دەبەستن لە گۆرانی گوتن تۆش لەو تۆمەتانە ناترسی؟**

- من کە دەستم بە گۆرانی گوتن کرد بەوەیان تاوانبار کردم، هەروەها دەیان گوت نیڤین هیچ شارەزایەکی لە گۆرانی گوتن نییە و تەنیا هاتووە لە رێگای گۆرانییەوە خۆی نمایش بکات و چەندین قسەی دیکە، بەڵام من گوێیان پێ نادەم و تا ئەو کاتەی توانام هەبێت گۆران دەڵێم.

*** ئایا ئافرەت پێویستی بەوە هەیە جەستەی خۆی نمایش بکات تا سەرکەوێ؟**

- هەموو ئافرەتێك تا رادەیەك سەرنجراکێشە کە بتوانێت لایەنی بەرامبەری بوروژێنێ، بەڵام هەندێکیان هەموو جوانی خۆیان بەدەر ناخەن و هەندێکی دیکەش هەن جوانی و جەستەی خۆیان ناشارنەوە.

*** هۆی چییە ئێستا ئەو کلیپانە پێشکەش دەکرێن کە زیاتر لەشی ئافرەت نیشان دەدەن؟**

-من لە کلیپەکانمدا بەشێوەیەکی زۆر سروشتی دەرکەوتووم بێ ئەوەی هیچ شتێکی دروستکراوی تێدا بێت و پێموایە کارێکی جوانم پێشکەش کردووە.

*** ئەگەر تۆ گۆرانیبێژ نەبوای رات چۆن دەبوو سەبارەت بەو ئافرەتانەی لە گۆرانییەکانیاند تەنا هەوڵ دەدەن جەستە و جوانی خۆیان پێشکەش دەکەن و زۆر گرنگی بە دەنگیان نادەن؟**

- من ئێستا گۆرانی دەڵێم و خۆیشم یەکێکم لەوانەی بەمە تۆمەتبار دەکرێم، بۆیە ناتوانم هیچ حوکمێك بدەم، بەڵام هەوڵ دەدەم بە گوێرەی توانا کاری سەرکەوتوو و جوان پێشکەش بکەم.

*** تۆ خۆت لەریزی ئەوانە دادەنێی کە پێیان وایە جورئەتیان هەیە؟**

- من پێشتر پێموابوو کە ئافرەتی هونەرمەند جلوبەرگی سەرنجراکێش لەبەر بکات ئەوا پێی دەڵێن ئافرەتێکی رووت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە خۆت رووت کردنەوە بە تەنیا هۆکاری سەرنجراکێشی نییە، بەڵکو لەوانەیە زەردەخەنەیەك یان قسە و جوڵەیەك ببێتە هۆی راکێشانی سەرنجی جەماوەر، من ئیغرایەکی ئاسایی پێشکەش دەکەم کە هیچ شتی دروستکراوی تێدا نییە.

*** چۆن دەتوانی بەردەوام بی لە کاری هونەری؟**

- من پێموایە بەردەوام بوون لەسەر کاری هونەری یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەی گۆرانیبێژ پێشکەشی دەکات ئینجا هەبوونی کۆمپانیای هونەریش زۆر گرنگە بۆ



که زۆر لە هی ئێمە خراپتر و دواکەوتووترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیاکانی بەهەمهێنانی هونەری کە بێ ئەوەی هونەرمەند هەڵبسەنگێنن یان مافی تەواوی پێ بدەن حوکم لەسەر کارەکانی دەدەن ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە با ئەوان بێن کارەکانمان هەڵبسەنگێنن ئینجا حوکمی لەسەر بدەن.

*** پێت وانییە دەرکەوتنی تۆ دواکەوتبێت؟**

-نەخێر من بەر لە دە ساڵ هاتوومە نێو بواری گۆرانی گوتن، بەڵام ئێستا بە بڵاوبوونەوە،من و زۆر لە گۆرانیبێژانی دیکە لوبنانی مافی تەواوی خۆیان وەرنەگرتووە بەتایبەتی لەبوارەی دەرکەوتن لە دەزگاکانی راگەیاندن و نمایش کردنی گۆرانییەکانیان هەرچەندە زۆر گۆرانی دیکەش نمایش دەکرێ





شـێوەیەکی جدیتر دەستم پێکردووە و پێموایە ئێستا لە سەرەتای ڕێگاوەم ئەگەر بەخت یاوەرم بێت و سەرکەوتوو بم ئەوا تەمەنێکی زۆرم لە پێش ماوە و دەتوانم شـتێکی باش پێشکە بە جەماوەر بکەم، بەڵام پێویستە هەوڵێکی زۆر بدەم، چونکە کاری هونەری کارێکی ئاسـان نییە و هەر کەسێك بیەوێ بتوانێ ملی بداتە بەر و وابزانێ بە ئاسـانی تێیدا سەرکەوتوو دەبـێ بێ ئەوەی تووشـی هیـچ گرفتێك بێتەوە، بە پشـتیوانی خوا و جەماوەر هەوڵ دەدەم سەرکەوتوو بم لە کارە قورسەدا.

*** لەکاتـی تۆمار کردنی کلیپدا تۆ تا چەندە ڕۆڵت هەیە لە کارەکاندا؟**

- من تەنیا ئـەوە جێبەجێ دەکەم کە دەرهێنەر پێم دەڵێ هەندێك جار ئەگەر بزانم دەتوانم بەشـێوەیەکی جوانتر لە بیرۆکەی دەرهێنەر پێشکەش بکەم ئەوا را و سـەرنجی خۆمی پێدەڵێم ئەگەر ڕازی بوو ئەوا جێبەجێی دەکەین ئەگەر بیرۆکـەی ئەویش باشـتر بوو ئەوا لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەڕۆین.

*** خـۆت لەگـەڵ چ هونەرمەندێکـی ئافرەت بەراورد دەکەیت؟**

- من قەت بیرم لەوە نەکردۆتەوە خـۆم لەگەڵ کـەس بـەراورد بکەم و رکابەرێتی کەسـیش ناکەم، تەنیا هەوڵ بۆ ئەوە دەدەم هونەرێکی جوان پێشکەش بکەم کە بە دڵی جەماوەر بێت و لێی ڕازی بێت.

*** کێـن ئەوانـەی لە بـواری هونەریدا هاوڕێی تۆن و یارمەتییان داوی؟**

- زۆر لـە هونەرمەندان یارمەتییان داوم و ئامۆژگارییان کردم بەتایبەتی هونەرمەندی بە توانا فەزل شـاکر، مـن ناکۆکیم لەگەڵ هیـچ هونەرمەندێك نییـە و هەموویان بە هاوڕێی ئازیزی خۆم دەزانم.

*** چۆن پێناسەی خۆت دەکەی؟**

- مرۆڤێکی ئاساییم زۆر حەز لە قسە کردن ناکەم تەنیا ئەگـەر پەیوەندی بە کارەکەمەوە هەبێت، گۆرانیبێژێکم حەز دەکەم شتی جوان و نوێ پێشکەش دەکەم.

*** زۆرترین شـت کە خۆشت دەوێ و رقت لێیەتی چییە؟**

- حەزم لە گوێگرتنە لە گۆرانییەکانیخۆم و ئـەو گۆرانیانەی کە بزانم سـوودیان بۆ پێشخسـتنی ئاسـتی هونەری من دەبێت، زۆر رقـم لە لەخۆبایی بوونـە بەتایبەتی لە بواری هونەریدا، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندان هـەن کە بەتوانا بوون، بەڵام لە خۆبایی بوون کاریگەری سلبی هەبووە لەسەر کارەکانیان.

*** پێوەری سەرکەوتنی هونەرمەند لای تۆ چییە؟**

- پێموایە لای من و هەر هونەرمەندێکی دیکە پێوەری سـەرکەوتن تەنیا خۆشەویستی جەماوەرە.

***زۆر لـە هونەرمەنـدان دەڵێن زۆربوونی کەناڵە ئاسـمانییەکان هۆکارێکی سـەرەکی تێکچوونـی باری هونەرە، تۆ چی دەڵێی بۆ ئەم بابەتە؟**

- بەپێچەوانەوە من دەڵێم ئەگەر ئەو هەموو کەناڵە ئاسـمانییە نەبوایە مـن و چەندانی دیکـەی وەك من نەیان دەتوانـی کارەکانی خۆیـان پێشـکەش بکەن و جەمـاوەر پێیان ئاشـنا بێت ئەگەر چی هەموو ئەو شتانەی پێشکەشـی دەکەن زۆر باشـیش نەبن، بەڵام بەڕای من بوونیان لە نەبوونیان باشترە.

*** بۆچـی تـا ئێسـتا گۆرانییەکانـت بەشێوەی سنگڵ تۆمار کردووە و هەموویانت لە ئەلبومێکدا کۆنەکردەوە؟**

- لەم کاتـەدا من دەمتوانـی تەنیا بەو شـێوەیە گۆرانییەکانم پێشـکەش بکەم بۆ ئەوەی زیاتر لای جەماوەر بناسـرێم و بزانم تا چەند پێشـوازی لە کارەکانم دەکەن، پەنا بە خوا لـە ئایندەیەکی نزیکـدا ئەلبومێك بڵاو دەکەمەوە، ئێسـتا سەرقاڵی ساز کردنی چەند ئاهەنگێکـم دوای تەواوبوونیان بیر لە بڵاوکردنەوەی ئەلبومێك دەکەمەوە.

*** گۆرانییەکی خانمە هونەرمەند مەیادە حەناویت نوێ کردەوە و بە شـێوەیەکی نوێ پێشـکەش کردووە، پێشـوازی جەماور لەم کارەی تۆ چۆن بوو؟**

- سـوپاس بۆ خـوا توانیم لـە دووبارە کردنەوەی گۆرانی (نعمە النسیان)ی خانمە هونەرمەند مەیادە حەناویدا سـەرکەوتوو بم، هەرچەند پێشتر ترسێکی زۆرم هەبوو لەوەی نەتوانم مافی تەواوی ئـەو گۆرانییە بدەم، بەڵام دوای ئەوەی پێشکەشم کرد جەماوەر زۆر لێی ڕازی بوو ئەمەش هاندانێکی زۆر بوو بۆ من بەتایبەتی کە خانمە هونەرمەندی گەورە مەیادە حەناوی خۆی لە شـێوەی گۆرانی گوتنەوەی مـن ڕازی بوو و دەستخۆشـی لێکردم، ئەمـەش هانـدان و بڕوانامەیەکی گەورەیە کە هەمیشە شـانازیی پێوە دەکەم، هیوادارم بتوانم لە داهاتوودا کاری جوانتریش پێشکەش بکەم.

# ژمارەی مۆبایلی هونەرمەندانی عەرەب و نهێنیەکانی

ژمارەی مۆبایلی هونەرمەندەکان بەهەموو شێوەیەك کەس نایزانێت جگە لە کەسانێکی کەم نزیکەکانی و هاوڕێکانی لەبواری هونەریدا یان راگەیاندندا ئەویش لەترسی بڵاوبوونەوەی ژمارەکانیان بۆ ئەوەی هەوادارەکانیان پێی نەزانن و بێزاریان نەکەن، بۆیە لێرەدا ژمارەی مۆبایل دەبێتە نهێنی نهێنیەکان. زۆر جار هونەرمەند وەڵامی تەلەفۆنەکان ناداتەوە بەڵام بەڕێوەری کارەکانی وەڵام دەداتەوە یان هەڵی ناگرێت تاکو ناوی کەسی بەرامبەر لەمۆبایلەکەی تۆمار نەکرابێت یان کەسەکە نامەیەکی بۆنەنێرێت بۆ ئاشکراکردنی ناوەکەی و مەبەست لەتەلەفۆن کردنەکەی. هەندێکی تریان تەکنەلۆژیای نوێ بەکار دێنن بۆ وەڵامنەدانەوەی پەیوەندییەکان بەوەی دەڵێت مۆبایلەکەی لەدەرەوەی بازنەیە کاتێك کەسێك تەلەفۆنی بۆ دەکات لەکاتێکدا کە ژمارەکە لەسەر مۆبایلەکەیەتی و دەتوانێ وەڵامی بداتەوە. ئەگەر بەشێك لە هونەرمەندان یان زۆربەیان تووشی ڤایرۆسی ناوبانگ هاتوون لەکاتی سەرکەوتنەکانیاندا وەڵامی تەلەفۆن نادەنەوە، بەڵام بارودۆخەکە قورستر دەبێت کاتێك تیشکیان ناخرێتە سەر یان تووشی شکست دەبن لەکاری هونەریاندا ئەوا وەڵامی هیچ تەلەفۆنێك نادەنەوە بەتایبەتی تەلەفۆنی ڕۆژنامەنووسان، بەڵام ئەو پرسیارەی لەخەیاڵی زۆر کەس دایە بەتایبەتی هەوادارانی ئەستێرەکان، ژمارەی ئەو هونەرمەندە چەندە کە پێی سەرسامیت و بۆچی ئەو ژمارەیەی هەڵبژاردووە؟

ژمارەی مۆبایلی عەمرو دیاب زۆر جوانە کە مێژووی لەدایك بوونی خۆی تێدایە هەروەها چوار جار ژمارە یەك دووبارەبۆتەوە ئەویش بۆ نوێکردنەوەی خەونەکەی بەوەی بەردەوام لەپلەی یەکەم بێت. بەڵام دیارترین ژمارە هی حوسێن جەسمیە کە شەش جار ژمارە شەشی تێدایە، ژمارەی محەمەد حەماقی چوار شەشی تێدایە، هەرچی مایا نەسریە بەهۆی خۆشەویستنی ژمارە دە سێ دەی تێدایە. ژمارەی لەتیفە بەوە جیادەکرێتەوە لەژمارە سفر هەتا چوار پێکهاتووە هەروەها سێ سفریشی تێدایە، بەڵام سەمیرە سەعید ژمارە پێنجی زۆر خۆشدەوێت بە هۆی ترسی لە حەسوودی لەبەرئەوە پێنج جار ژمارە پێنج لە ژمارەی مۆبایلەکەی دا دووبارەبۆتەوە. ژمارەی محەمەد مونیر چوار سفری تێدایە، محەمەد فوئاد ئاواتی ژمارە چوارە و چوار چواری تێدایە. هیشام عەباس و مستەفا قەمەر شەیدای ژمارە نۆن، ژمارەی مۆبایلی یەکەمیان سێ نۆی تێدایە و ئەویتر چوار نۆی تێدایە، بەڵام مادلین مەتەڕ حەز لە ژمارە سفر دەکات لە کۆی نۆ ژمارەی مۆبایلەکەی شەش سفری تێدایە. یوسرای ئەکتەر عاشقی ژمارە حەفتە ژمارەی مۆبایلەکەی چوار حەفتی تێدایە. ژمارەی ئەحمەد حیلمی چوا جار ژمارە چواری تێدا دووبارە بۆتەوە، ژمارەی محەمەد هنیدی پڕە لە حەوت.

دینا زۆر جار ژمارەکەی گۆڕیوە یەکەمیان زۆر یەکی تێدابوو دواتر گۆڕی بەیەکێك کە چوار سێی تێدابوو، دواجار بە ژمارە حەوت ڕازی بوو. لەدیناوە بۆ تاریق عەلام کە بڕوای نییە بەوەی ژمارە سێزدە شوومە لەبەرئەوە زیاتر لەجارێك ژمارە سێزدە لەمۆبایلەکەی دایە، دواجار ئیهاب تۆفیق دەیەوێت هەڵبژاردەی میسر بگاتە جامی جیهانی ٢٠١٠ لەبەر ئەوە دوو جار ژمارە ٢٠١٠ی تێدایە.









وەرگێڕانی: هێمن قەسرەیی